## دکتۆر عەلی محەمەد حەقشناس: سیمین لە سەردەم و پێگەی خۆیدا، نیمای غەزەلی فارسییە



# شیعری سیمین بێهبەهانی لە روانگەی ئەدیبانی ئێرانەوە

**لە فارسییەوە: شەریف فەلاح**

بێگومان سیمین بێهبەهانی یەکێک لە سیما درەوشاوە و هەرمانەکانە لە مێژووی فەرهەنگ و ئەدەبی فارسیدا و ئەم پێگەیەش بۆ گشت قۆناغەکانیش، هەروا قورس و قایم دەمێنێتەوە. سیما و کەسایەتییەکی سەربەخۆ و خۆکرد، کە توانیویە فۆرم و شێوازی غەزەل و شێوازێکی دیکەی هاوچەشنی غەزەل لە شیعری هاوچەرخی فارسیدا نوێبکاتەوە و سنوورەکانی بەرینتر بکات.

87 ساڵ بەردەوامی و هەوڵدانی بێوچان لەپێناو هۆنینەوەی شیعر و عەزەلی فارسی، هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی دەیان کۆمەڵە شیعری بەنرخ لەو قەڵەمە ژنانەیە، حیکایەتی عەشقێکی تەژیی ژنانەی بێوینەی ئەدەبی فارسییە. لە ئێران ژمارەی ژنانی نووسەر و قەڵەم بەدەست لە ماوەی سەدەی رابردوودا کەم نەبوون، بەڵام زۆریان لە رەوڕەوەی مێژوودا ون بوون، چونکە هەژموونیی قەڵەم لەدەستی پیاواندا بووە، بەڵام ئەم هەژموونی و تۆنیلەی سەردەم، نەیتوانیوە کەسێکی وەک سیمین بێهبەهانی قووت بدات، هیچ گومانێک لەمەدا نییە.

دکتۆر عەلی محەمەد حەقشناس: «ئەگەر بڵێم سیمین لە جۆری خۆیدا نیمای غەزەلی فارسییە، درێغیم نەکردووە». سیمین وەکو نیما یوشیج، بە شێوەیەکی کاریگەر دەسنیدایە «ئاشنایی سڕینەوە»ی شاعیرانە و هەر هەمان رێچکە و رێبازی داهێنەرانە و نوێخوازانەی نیمای گرتووەتەبەر، سیمین بێهبەهانی بە مەبەستی جێبەجێکردنی پرۆسەی «ئاشنایی سڕینەوە» لەناو یەکە پێکهاتەییەکانی ئەو فۆرمە، یەکەی کێش ـ واتە بنیاتی ترین تۆخمی سەرەکیی فۆرمە شیعرییەکان ـ ی هەڵبژاردووە. دواتر بە زیادکردنی زیاتر لە چل و یەک کێشی کەم، یان بێوێنەی بە کێشە شیعرییەکان زیاد کردووە و ئەم فۆرم و شێوازە کۆنەیەی نوێکردووەتەوە و لەگەڵ پەیام، مانا و دەربڕینە نوێیە ئەمڕۆییەکاندا گونجاندویەتی. کە ئەمە لە جۆری خۆیدا رێک شێوازی ئاشنایی سڕینەوەیە، کە ساڵانێکی زوو بەرلە سیمین بێهبەهانی، نیما یۆشیج لە پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعری فارسیدا کردی و بەو کارەشی داهێنان و رێچکەی گوتاری شیعری نیمایی بنیات نا.

نیما بە داهێنان لە کێشە عەرووزییەکان گەیشتە «ئاشنایی سڕینەوە» لەسەرجەم پێکهاتەی شیعری فارسی و سیمینیش دوای ئەو بە داهێنان و تازەگەری لە کێشی غەزەل، گەیشتە ئاشنایی سڕینەوەی فۆرمی غەزەل و توانی ئەم شێوازە شیعرییە لەگەڵ کەش و فەزا نوێیە واتاییەکان بیگونجێنێ، واتە ئەو فۆرمە لە پێکهاتەی داخراو و چەقبەستووەی ئەدەبی فارسی سەندەوە و بە شێواز و رێچکەی ئەدەبی کراوەی نیمایی بەخشی. بە چەشنێک هاودەمیی دێرینی ئەو فۆرمە شیعرییەی لەگەڵ دونیای دەستەواژەگەلێکی وەک «عەشق، مەستی، هیجران و سۆز و سووتانی عاریفانە» تێکشکاند.

دکتۆر فەرزانە میلانی: گومانی تێدا نییە کە سیمین بێهبەهانی یەکێک لە پێشەنگانی کاروانی درەوەشاوەی ئەدەبی هاوچەرخی فارسییە. نەریتی دێرین و پووکاوی غەزەل بە هاتنی ئەم ژنە پشوودرێژە گیان و هەناسەیەکی تازەی بەبەردا کرا و گەیشتە لوتکەی شکۆی خۆی. ئەو توانی سنوورە دەسکردەکان بەزێنێ. غەزەلە نوێیەکانی بێهبەهانی لە بواری فۆرم و پێکهاتەو و ناوەڕۆکەوە زمانیان لە رووبەڕووو بوونەوە لەگەڵ خوێنەر و جیهانبینییەک کە هەیەتی، لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئەو غەزەلە باوە نەریتییە جیاوازی هەیە. ئەو شاعیرێکی پلە باڵایە کە بە دەروەستییەکی بێوێنەوە دەستەملانی شیعر دەبێت و بە درێژایی تەمەنی ئەدەبیی پڕ هەوراز و نشێوی، ناو و دەنگ و ئاوازی خۆی لە کاروانی ئەدەبی هاوچەرخدا تۆمار کردووە. سیمین بێهبەهانی لەبەر تیشکی ئاواز و خەسڵەتێکی شاعیرانەدا و بە پشت بەستن بە ئەزموون و بەردەوامبوون، توانایی و پێگەی تایبەتی خۆی ـ هێور هێور ـ لە ئاقاری ئەدەبی فارسیدا سەلماندووە. بێهبەهانی هیچکات هەوڵینەداوە پێکهاتەی زمان، شێواز و رێچکە، بنەماکانی ئەندێشە، رەهەندە فەلسەفی و

**لە ئێران ژمارەی ژنانی نوسەر و قەڵەم بەدەست لە ماوەی سەدەی رابردوودا کەم نەبوون، بەڵام زۆریان لە ڕەوڕەوەی مێژوودا ون بوون**

واتاکانی شیعری خۆی بخاتە خزمەت جەماوەر پەسەندی و ڕەشۆکیکردنی بەرهەمەکانییەوە. بۆ سەلماندنی ئەم وتەیەش هەر کۆمەڵە شیعرێکی، دەربڕی گۆڕانکاریی نوێی شیعری و جیهانبینیی تازەیە. بەگشتی نوێبوونەوە و جووڵە یەکێک لە تایبەتمەندیی بەرهەمە ئەدەبییەکانی سیمینە. بە جۆرێک گۆڕان لە فکر و جیهانبینیی هاوکات لەگەڵ نوێبوونەوەی فۆرمی شیعری، فەزایەک دەخوڵقێنن، کە لەگەڵ بەرهەمی پێشووی بەتەواوەتی جیاوازە. نوێخوازی و داهێنان نەک بە واتای دروشمی نوێخوازی کە وەڵامدەری نیازی دەروونی بێت و وەک پێویستییەک بۆ دەربڕین و چەمکی تازە و ئامانجی تایبەت، بەڵکو لە زمانی ئەودا کەرەسنەیە بۆ گەیشتن بە جوانیناسی، لەلایەکی دیکەشەوە ئێشکت ناخانە ڕەهەندی رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دەقی دوێنێ و رابردووەوە، بەڵکو لەگەڵ زماندا رەها دەبێت، هەتا دەگاتە مەبەست. بە خوێندنەوەی گەلێک لە بەرهەمەکانی بێهبەهانی بۆمان دەردەکەوێ، کە شیعری ئەو هەڵگری چەند ئەزموونی جۆراوجۆرە و سەرەنجام ئەم ئەزموونانە دەبنە هۆی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە فۆرم و شێوازی غەزەلدا. ئەو بە جۆرێک گیانی بە بەر فۆرمی مردووی «غەزەل»ی پێشوودا کردەوە کە بە وتەی زۆرێک لە رەخنەگرانی ئەدەبی هاوچەرخی ئێران، شان لەشانی شیعری نیمایی دەدات.

پەرتەو نوری عەلا: پەروین، فروغ و سیمین لە سێ قۆناغی گۆڕانکاریی شیعر و ئەدەبی ئێراندا دەوریان هەبووە. شیعری سیمین بێهبەهانی ئەگەرچی لە «دەشتی ئەرژن» بەتەواوەتی ئاوێنەی باڵانوێنی رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانە، بەڵام بەهۆی دەسەڵات و فراوانیی خەیاڵ، ئامادەیی واتا، وێنای نایاب، هەست و سۆزی گەرم و دڵگر، هیچکام لە شیعرەکانی نەتەنیا حاڵەتی دروشم ئاسایان نییە، بەڵکو لە قووڵایی رۆح و گیانی شاعیرەوە سەرچاوەیان گرتووە و بە پشت بەستن بە زەمینە و بەستێنە واقعییەکان دێنە ناو دنیای بوون. ترپەی لێدانی دڵی شیعری سیمین لەگەڵ جووڵە و بزاوتە دەرەکییەکان لێدەدات، بەڵام لە زەینی ژنێکی هەڵکەوتە و هوشیارەوە ئێدەپەڕێت، کە عەشق و میهرەبانی هەوێنی ئەم خەیاڵەیە. سیمین ژنێکە کە پێیدەڵێن دایکی نیشتمان.

**سازت دەکەم ئەی نیشتمان**
**بە خشت و خۆڵی گیانی خۆم**
**دەبمەوە ئەستوونی باڵات**
**بە بەژن و ئیسقانی خۆم**

گەرچی سیمین لە کێشی شیعری فارسیدا دەسنیداوەتە نوێخوازی، بەڵام شیعری ئەو لە بواری وێنەوە، دیسان ریشە و هەوێنی لە ناخی شیعری کلاسیکی ئێران دایە، بەڵام نوێگەرایی راستەقینەی سیمین، گۆڕانێکە کەلە فام و تێگەیشتن، ئەزموون و هەست و سۆزەکانیدا روویداوە. گۆڕانێک لە بواری شیعر کە بەدەسنبردن بۆ ئیماژ و هێمای نوێ، گەیشتووە بە وێنەگەلێکی داهێنەرانە و پەیوەندیی نایاب کەلە زمانێکی بەهێز و بەستێنی بەرینی کەلامیدا دەگەنە خوێنەر. هەر بەم هۆیەیە، کە ئێنر کێش و سەروا هەژموونییەک نین بەسەر شیعریدا و جەوهەری شیعری هەندێ جار هێندە بەسەر کەرەسە رواڵەتییەکانی ئەو شیعرەدا زاڵن، کە نە کێش دیارە و نە سەرواش بەرچاو دەکەوێ.

ئیحسان یارشاتر: شیعری ئەمڕۆی ئێران وەها تووشی پشێوی و بەلاڕێداچوون بووە، بە جۆرێک چێژ بردن لەم جۆرە شیعرە دەگمەنە، هەندێک دەق بێبەرین لە هەر جۆرە کۆت و بەندێک و هەندێکی دیکەشیان ئاوێنەی پشێویی رێزمانی فارسین و زۆریشیان هونەر و هەست تێیاندا رەنگرێژ کراوە و دەسنکردە. کۆمەڵێکی دیکەش لاسایی

کردنەووەی بێ ریشە و ناشارەزایانە و خـاوەن سۆزێکی دەسنکردن، دابڕانێکی و بێ بنەماییە لە کولتوور و ژیانی خەڵک. بە پێچەوانەی ئەم دۆخە زاڵە، شیعری سیمین ئەژییە لە مۆسیقا، زمانێکی پەتی و پاراو و پڕ لە جووڵە، هەستێکی قووڵ و رەسـەن کەلە هـەناوی دڵـەوە هەڵقوڵیوە. توانایی سیمین لە بەرهەسنکردنی ئەزموونی هەست و سۆزی ورد و ناسک و گەڕۆک کە بەردەوام لە هاتوچۆ دایە، هۆکاری سەرەکیی دڵگیری و لەدڵ نیشینییە لای خوێنەر. ئازادیی هونەرمەند بـەو واتـا رەهـایـەی کـە مـرۆڤ هەرچی بە زمان یان پێنووسەکەیدا دێت، بینووسێت، یان بیکێشنەوە، بـەڕای من وێنا و نێگەیشتنێکی هەڵەیە لە هونەر، کە یەکێک لە خاڵە بەرجەستەکانی شیعری سیمین بەرییە لەم خەسڵەتە و لەوپەڕی جوانی و ناسکی و پاراویدا، ئەخلاق و کولتوور هێشتا توخمێکی ئەم شیعرەیە و مرۆڤی ئێرانی خۆی تێدا دەبینێتەوە.

دکـتـۆر ئـەحـمـەد کـەریـمـی حەکاک: شیعری سیمین بە زمانێکی ناهاوشێوە زەمینەی گشتییەتێکە کە پێکهاتووی هەموو دیـاردە، نۆرم و پەیوەندیی بەرهەست و واقیعە، کە تەنیا خاڵی هاوبەشییان پێکەوە پەیوەندیی بە واقیعیکەوە هەیە، کە زەمینەی کۆمەڵایەتی و دەقی ئەدەبی پێکەوە پەیوەند دەدات و لێرەدا باسی غەزەلی «پانتۆڵەکە چرچیی تێکەوتووە»ی سیمین بێهبەهانی دەکـەم، هەتا لەم رێگایەوە رایەڵە و تۆڕەکانی


سیمین بێهبەهانی

ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزە بدۆزمەوە. پەیوەندیی گێڕەوەی ئەم غەزەلە لەگەڵ پیاوێکی یەک لاقە (پیاوێک کە لاقێکی پەڕیوە و پانتۆڵەکەوە نووشتاوەتەوە) کە هیچ وتە و پەیڤ و قسەیەک لە نێوان گێڕەرەوە و کابرا یـەک لاقـەکـەدا ئاڵوگۆڕ ناکرێ و تەنیا «نیگا»یە کە توخمی سەرەکیی ئەم غەزەلە پێکدێنێ. ئەم شیعرە، راپۆرتی نیگای گێڕەرەوەیە بۆ پیاوێکی یەک لاق و هاوکات روانینی بەرانبەری تووڕە و پڕ لە رقی پیاوەکەیە بۆ ئەو. تێگەیشتنی گێڕەرەوە لەم پەیامە شاراوەیەی نیگا و روو وەرگەڕاندنی لە پیاوە یەک لاقەکە، هەروەها ئەو ئێرامان و هەڵوێستەیەی کە بەهۆی ئەو روو وەرگەڕاندنەوە دێتە زەینی گێڕەرەوەی غەزەل، پاشان دەنگی تەقەتەقی گۆچانی دەستی پیاوە یـەک لاقـەکـە دێـتـە بـەر گوێی گێڕەرەوە، دیسانەوە ئێرامانی لە پیاوە یـەک لاقەکە و سـەرەنجام بڕیاری گێڕەرەوە بۆ روو تێکردن و دواندنی پیاوە یەک لاقەکە. لێرەدا شتێکمان بۆ دەردەخات، واتە پیاوە یەک لاقەکە رۆییوە و شوێنەکەی بەتاڵە. لە ئەنجامی ئەم هەڵوێست و پەرچەکردارانە ـ کە بێگومان دەکرێ بوترێت هەموویان لە کاناڵی زەین و

## گەرچی سیمین لە کێشی شیعری فارسیدا دەستیداوەتە نوێخوازی، بەڵام شیعرەکانی لە بواری وێنەوە، ڕیشە و هەوێنی لە ناو شیعری کلاسیکی ئێراندایە

زمانی کەسێکەوە ڕاپۆرتی ئەنجامی ئەم دیالۆگ و پەیوەندییەمان بۆ دەگێڕێنەوە ـ وتەیەک لە نێوان گێڕەرەوە و پیاوە یەک لاقەکەدا ناگۆڕدرێنەوە. کەوایە تۆخمی سەرەکیی سامان بەخشین بە شیعر، واتە ئەوەرێک کە پێکهاتەی کردار و پەرچەکردارەکان شیعرەکەی لەسەر بنیاتنراوە، لە سەرەتادا ڕوانینێکی گێڕەرەوەیە بۆ پیاوە یەک لاقەکە و ڕوانینی دیکەش لە وەڵامی نیگای پیاوەکەوە و ئەم زنجیرەیە هەر دووبارە دەبێتەوە. ئەم واتا بەرهەستە لەناو ئەم غەزەلەدا مرۆڤ بەرەو گەڕان بەدوای واتای «نیگا» لە ڕەفتارە مرۆییەکان پەلکێش دەکات.

شەهرنووش پارسی پوور: چەندە خۆشە مرۆڤ بنوانێ وەڵامدەری دەورانی ژیانی خۆ ـ باش یان خراپ ـ بێت. چەندە خۆشە مرۆڤ پێشینەی کاری خۆی هەرچی هەیە، وای بنوێنێ و نەیکاتە جەنجاڵ و خەڵکانی دیکەشی پێ سووک نەکات و بە کەمیان نەگرێت. چەندە خۆشە مرۆڤ هەموو کاتێک بەشێک لە دەورانی منداڵیی خۆی لەگەڵدا بێت و بە بەردەوامی و بە پشت بەستن بەو یادەوەرییانە، ژیانی خۆی نۆژەن بکاتەوە. سیمین بێهبەهانی هەڵگری هەموو ئەم خەسڵەتانەیە. بەو هۆیەی کە ئەمەنێکی زۆر بەسەر ئەزموونی ئەدەبیی ئەم خانوونەدا تێپەڕیوە، خۆبەزلزان نییە، لەسەرووی دیوەخانەوە دانانیشێت، بەڵام ڕێک بەهۆی پاراستنی هەمان لایەنی سەردەمی منداڵی و لاوێتییەوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرهەمەکانی نوێبوونەوەیان پێوە دیارە. لەناو خۆیدا نەڕووخاوە، تووشی حاڵەتی داتەپین و چەقبەستوویی نەبووە. لە شیعرە نوێیەکانی کەلە بڵاوکراوەکان چاپکراون، دەماری نوێبوونەوەیان پێوەیە و قووڵی و سەنگینییان پێوە دیارە. تووشی ئەو وەهمە نەبووە، کە هەموو شتێک دەزانێت، هەربۆیە هەموو کات دەخوێنێتەوە، ئەم خوێندنەوانەش بە خێرایی لە بەرهەمە نوێیەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە. شاعیرێکی قەدیمی، بەڵام هەمیشە نوێیە، بەوپەڕی بوێرییەوە بۆ شوێنە نادیارەکان سەفەر دەکات و زۆرجاریش بە تۆێشووی پڕەوە دەگەڕێتەوە، بێگومان ئامادەیی سیمین لەم قۆناغە لە ئەدەبی هاوچەرخی فارسیدا، دەسنکەوتێکی مەزنە، ئەوەی کە سەربەخۆیە و هەروەک خۆی ماوەتەوە، هێشتا زۆر گەنجە.

سیمین دانشوەر: سیمین بێهبەهانی لێدانی ترپەی دڵی سەردەم دەزانێت، بە واتایەکی تر «بۆ خۆی ڕۆحی سەردەمە»، بەڵام دەبێ بزانین شیعری سیمین بە ئاسانی شرۆڤە ناکرێت و هیوا و ئومێدی بێهودە کە جۆرێکە لە خەیاڵ پڵاوی، بە ئاسانی نایەتەدی. ئومێد لە زۆربەی شیعرەکانیدا هەندێ جار تراووسکاییەکە، بەڵام هەندێ جاریش دەدرەوشێتەوە. شیعری سیمین هەموو کاتێ شاد نییە، بۆ دەرک و فامکردنی شیعرەکانی پێویستمان بە ئێرامان و بیرکردنەوەیە و هەندێ جار خودی شاعیریش، بەو پێگە بەرزەی کە هەیەتی، سەوداسەرە و لە بێکەسی و ڕەهابووندا، دەڕواتە خەڵوەت و سەرەنجام پەنا دەباتە بەر بوودا و بە دەنگێکی زوڵاڵ دەچریکێنێ. کاتێک لەو کەشف و کەرامانە دەگەڕێنەوە پڕ لە داوێنێک گوڵمان بۆ دێنێنەوە، بەو مەرجەی ئەو تێگەیشتنەمان لە ئیشراق و کەشفی سیمین وا نەبێت، کە شاعیر پەنای بردووەتە بەر عیرفان. زمانی شاعیرانەی سیمین بێهبەهانی لەگەڵ مۆسیقا، خەیاڵ، ئوستورە، واقیع و هەقیقەت و وێنە، هەندێ جاریش لەگەڵ ڕوانگەیەک لەسەرووی هەست و عەقڵەوە هاوپەیوەندە و گرێدراوە.

**سەرچاوە:**

وێبلاگی ڕووداد: http://roydaad.blogfa.com/tag